# هەرکەسێک گوێ بگرێت لە قسەی کەسانێک، کە ئەوان حەز نەکەن گوێیان لێ بگیرێت، ئەوا قورقۆشمی تواوە دەکرێتە ناو گوێیەکانیەوە لە ڕۆژی قیامەتدا

لە عبداللەی کوڕی عەباسەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەی خودا -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «هەرکەسێک گوێ بگرێت لە قسەی کەسانێک، کە ئەوان حەز نەکەن گوێیان لێ بگیرێت، ئەوا قورقۆشمی تواوە دەکرێتە ناو گوێیەکانیەوە لە ڕۆژی قیامەتدا».

[صەحیحە] [وەکو ئەوە بوخاری گێڕاویەتیەوە]

فەرموودەکە هەڕەشەیەکی توندی تێدایە بۆ ئەو کەسانەی کە گوێ لە قسەی کەسانێک دەگرن کە حەزن ناکەن گوێ لە قسەکانیان بگیرێت، وئەمیش لە ڕەوشتە خراپەکان وتاوانە گەورەکانە، وپاداشت لە ڕەگەزی کردەوەکانە؛ چونکە بە هۆی ئەوەی گوێی لە قسەکانیان گرت؛ سزا درا لە گوێیەوە، وسزاکەش ئەوەیە کە قورقۆشمی تواوە دەکرێـتە ناو گوێیەوە، بە هەر هۆیەکەوە بێت نابێت گوێ لە قسەی کەسانێک بگریت کە حەز ناکەن گوێ لە قسەکانیان بگیرێت جا ئەمە بۆ مەبەستێکی دروست بێت یان نادروست، چونکە هەندێک خەڵک حەز ناکەن کەس گوێی لە قسەکانیان بێت؛ ئەگەرچی قسەکانیش شتی خراپ وقەدەغەکراو وجوێنی تێدا نەبێت.



النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee